www.kurdistannet.org 3-3-2003

# توركیاو گەمەی شەڕی دۆڕاو

ئیدریس شەیداهۆ

لەسەرەتای شۆڕشەکەمانەوە تا ئێستا، هەمیشە توركیا وەك دراوسێیەکی نمەك بەحەرام سەوداو مامەڵەی لەگەڵدا کردووین، بەردەوام لەهەوڵی ئیفلیج کردنی بزوتنەوەکەماندا بووە، چی پێکرابێ، یان نەکرابێ ئەمەیا مەسەلەیەکیترە، بەڵام گرنگ ئەوەیە سەعاتێك لەدژایەتیکردنی ئێمە نەوەستاوە.

دەمێکە توركیا وەك پشیلەیەکی برسی چاوی بڕیوەتە سفرەی خوانی ئێمە، هەرکاتێك بۆی لوابێ‌و بۆی بلوێ بەنایاساییترین شێوە هێزێکی سەربازیی دڕندەی هێناوەتە ناو خاكمانو بەنامرۆڤانەترین شێوەو بەبێ گوێدانە هیچ پرەنسیپێکی ئەخلاقی، بەئارەزووی خۆی پێشێلی چەندین یاسای کردووە، خەڵکی کوشتووە، گوندی وێرانکردووە.

ئەمرۆش کەکوردستانو ناوچەکە بەسەختترین قۆناغدا تێدەپەڕێ‌و مەترسی شەڕێکی گەورە لەئارادایە، کەچی توركیا چاوی تەماعی زەقتر کردۆتەوەو دەیەوێ بەئاسانی بەهێزێکی زۆرەوە بێتەوە کوردستانو بەئارەزووی خۆی ئەم شارو ئەو شار بەتورکمان بکات، دەیەوێ بەئاسانی کوردستان چەك بکاتو بەرهەمی خوێنی رژاوی چەندین ساڵەی خەباتو تێکۆشانمان بەفیڕۆبدات، دەیەوێ بەئاسانی گۆڕی شەهیدەکانمان چیمەنتۆرێژ بکات.

ئایا هەروا ئاسانە میللەتێکی داماوی وەك ئێمە دوای دەیەها ساڵی پڕ کوشتنو راوەدونانو ئەنفالو کیمیابارانو جینۆسایدو چەندین زوڵمو ستەمیتر دوای چەندین ساڵ خەباتو تێکۆشانی شاخو نێو ئەشکەوتەکانەوە، دوای چەندین هەرەسو هەڵسانەوە هەروا بەئاسانی توركیا قوتمان بدات!؟

سەدام حسێن، بەو هەموو دڕندەییەی خۆیەوە، بەو هەموو چەكو تەکنەلۆژیایەی خۆیەوە بەکیمیاییو تۆپی قورسو چەندین چەکی قەدەغەکراوی ترەوە، چەندین ساڵ نەیتوانی چەکمان بکاتو دواتر هەر ئیرادەی گەلەکەمان سەرکەوتو ئەویش شکستو ریسوایی بۆمایەوە، ئینجا تۆ بڵێی توركیا بتوانێ لەوێوە بێ‌و چەکمان بکات؟!

پێم وایەو دڵنیاشم ئەمە وەکو مەسەلەی بزنو شوانەکەی لێدێ‌و خۆشی حاڵی زۆر باش نییەو خۆی نەخاتە داوی شەڕێکی دۆڕاوی ترەوە چاکترە، دڵنیاشین جارێکیتر ناتوانین ژێردەستەیی قبوڵ بکەینو توركیاش هەر ئەو توركیایەیە کەچەندین ساڵە خۆمان دەیناسینو دەزانین بایی چەندە..!!